# سەرەتایەك لە هونەری فۆتۆگراف





ئا . ڕەوشت توانا

سەرەتا ، گرینگە بزانین هونەری فۆتۆگراف چییە ؟ و مەبەست لە وشەی ( فۆتۆگراف ) چییە ؟. هونەری فۆتۆگراف هونەرێکی ناسك و تازە و جوانە ، هونەری فۆتۆگراف هەربەتەنها ئەوە نییە کە کامێرایەك بە دەستەوە بگریت و بێ خۆشەویستی و بێ بەکار هێنانی هونەرییانە، ئەم ئامێرە تەکنەلۆژییە دەتوانێ لە ئاست پێنوس و فڵچە و ڕەنگ ، بۆ خەڵکی لە خەمو دەردەسەری و نەهامەتییەکانی ڕۆژگاری جیهان بدوێ . تەنانەت لە ئەوروپا نرخی فۆتۆیەك دەگاتە ئاست نرخی کەڤاڵێکی شێوەکاری لە فرۆشتندا . من وای دەبینم هونەری فۆتۆگراف وەکو تەواوی هونەرەکانی تر بێ سنورە و هەرکەسە و بە شێوازێك و تەکنیکێکی تایبەتی دەتوانێ کاری لەسەر بکات .

گەر بمانەوێت بزانین وشەی فۆتۆگراف چییە ؟ وشەی فۆتۆگراف ، وشەیەکی ئەغریقییە ، لە دوو بڕگە پێك هاتووە ، ( فۆتۆس ) واتە ڕوناکی ( گرافۆس ) بە واتەی نوسین دێت ، کەواتە مانای تەواوی دەبێت بە نوسینی بە ڕوناکی یان وێنەی بە ڕوناکی ، پاشان بە ( فۆتۆگراف ) بڵاو بۆتەوە .

مێژوی فۆتۆگراف بۆ ساڵی ( ١٠٣٨ ز ) دەگەرێننەوە لەو کاتەی کە زانایەکی عەرەبی کە ناوی ( ئیبن ئەل هەیسەم ) لە ژورێکی تاریکی داخراودا خەریکی چاودێری کردنی خۆر گیران بوو ، ئەم دیاردەیەی دۆزییەوە :-

ئەگەر کونێك لە لادیوارێکی بنمیچی ژورێکی تاریکی داخراودا هەبێت ئەوا وێنەی دەرەوەی ژورەکە لە لادیواری بەرامبەر کونەکە یان لەسەر پەڕە کاغەزێکی سپی دەردەچێت .

بە هۆی ئەم ڕێگایە ، دیتن و چاودێری ڕۆژ و خۆر گیران دەکراو ئەنجام دەدرا .

ماوەیەك بەسەر چوو ، چەندین ساڵ دوای ئەوە نیگار کێشەکان ئەم دیاردەیەیان بەکار دەهێنا بۆ نیگار کێشان و هونەرمەندی بلیمەت ( لیناردۆ دافنشی ) لە ساڵی ( ١٤٩٠ ز ) هەندێ بە درێژی باسی لێوە کردووە .

ئەو تیۆریەی کە چۆنیەتی دروستبونی بەهۆی کونی بچوکی ڕون کردەوە ، بەکارهێنرا بۆ وێنە گرتن بە کامیرای سەرەتایی کە بە کامیرای کونە سەرە دەرزی ناوبانگی دەرکردبوو ، یا کامێرای ( ئوبسکورا ) ، هەر چەندە ئەم کامیرانە کاتێکی درێژ خایەنیان دەویست بۆ گرتنی هەر وێنەیەك ، بەڵام وێنەکانیان تا ڕادەیەك باش بوون و هەندێ جار لەو وێنانە جوان تر بوون کە بەکامێرای هاوێنە بەسەرەوە گیرابوون .

یەکەم کەس کە هاوێنەی لەبری کونە سەرە دەرزی بەکار هێنا زانا ( جیۆڤانی دێلاپۆرتا ) بوو ، لە کتێبەکەیدا کە لە ساڵی ( ١٥٨٩ ) بڵاوی کردەوە ، کە لە هاوێنەیەکی قۆقز دوواوە کە بەرینییەکەی زۆر تەسکە و بۆ مەبەستی باس کراو بەکار هێنراوە .

دوای کامێرای بچوك لە دایك بوو شێوەی سەندوقێکی تاریکی داخراو کە هاوێنە بەسەر لایەکییەوە بەسترابوو ، تا وێنەی بەرامبەرەکەی لە ناوەوە دەر بچوێنێ . لە ساڵی ( ١٧٥٨ ز ) چاویلکە فرۆشی ئینگلیزی ( جۆن دولاند ) داهێنانی سیستەمی هاوێنە کاری ئەنجامدا کە توانرا وێنەی جوان ترو تۆخ ترو ڕەنگ تێر ئەنجام بدات ، چونکە بەرێگای جاران وێنەکان کاڵ دەردەچوون .

یەکەمین وێنەی فۆتۆگرافی لە لایەن ( جەی . نیسفۆر نیپس ) ی فەرەنسی ئەنجام درا بە هۆی کامێرایەك کە کاغەزی دا پۆشراو بە ( کلۆرید ) ی لەناو دانرابوو ئەمەش لە ساڵی ( ١٨١٦ ) بوو .

ماوەی یەك کاتژمێری دەخایاند تا وێنەکە دەگیرا ، بەڵام وینەکەش بە نێگەتیڤ دەرچوو بوو ، نەیان توانی بە پۆزەتیڤ دەری بچوێنن ، دوای ئەوە بە چەند ساڵێك ئەوجار توانای ئەوەی پەیداکرد کە پۆزەتیڤ ئەنجام بدات ، بەڵام ئەمەشیان بە هۆی ئەوەی کە وێنەکان نەدەچەسپان زوو ڕەش دەبونەوە . لە ساڵی ( ١٨٣٧ ز ) فەرەنسییەکی تر کەناوی ( لویس دۆرێ ) یە توانی وێنەی نادیار دەر بچوێنێ و دەری بخات بە هۆی هەلی جیوە وە ، ئینجا توانی بیچەسپێنێ بە هۆی گیراوەی خوێی ئاسایی ، بۆیە ئەمشێوازەیان ناونا ڕێگای ( دۆرێ ) .

شایەنی گوتنە ئەم وێنانەی بەم ڕێگایە ئەنجام دەدران لەسەر قاپ و سینی زیوینی و مسی بوون و بە یەك دانە دەردەچوون و نەدەتوانرا وێنەی تری لەسەر چاپ بکرێتەوە . ڕێگەیەکی تر لەلایەن ( ولیام هنری فۆکس ) ی ئینگلیزی یەوە دۆزرایەوە ، ڕێگەی ( نێگەتیڤ – پۆزەتیڤ ) کە وەك شێوازی وێنەگرە شەمسییەکانی ئەمرۆمان بوو. ئەم ڕێگەیە پەرەی پێدرا لە لایەن ( فۆکس تالبۆت ) لەساڵی ( ١٨٤١ ز ) ئەم شێوازە ناوبرا بە شێوازی ( کالۆ – تایب ) یا ( تالبۆ – تایب ) وێنەکان لەسەر کاغەز ئەنجام دەدران و بە هایپۆ وێنەکانی سەریان دەچەسپاند ، کە تا ئێستەش ئەم ڕێگەیە بەردەوامە . تا ساڵی ( ١٨٨٨ ز ) وینەگری لە چوارچێوەی تایبەت مەندان دەرنەچووبوو ، بەڵام دوای ئەم مێژووە ( جۆرج ئیسمان ) کە دامەزرێنەری کۆمپانیای کۆداکە یەکەم کامیرای دروست کرد ، کە فلیمی ( ڕۆڵی ) جەلاتینی دەخوارد ، بەمەش دەرگەیەکی بۆ خەلکانی ئاسایی کردەوە ، کە بتوانن وێنە بگرن ، تا ئەم دروشمەی بەرز کردبووەوە کە دەیگوت " تۆ تەنها دوگمەی کامراکە داگرە و ئەوەی تری ئێمە تەواوی دەکەین " .

دروست کردنی ئەم فلیمە جەلاتینییە ڕۆڵانە تەنها سودی بۆ کامێرای فۆتۆگرافی چەسپاو نەبوو ، بەڵکو ئاسۆیەکی تری لەبەردەم بەرپابونی پیشەسازی سینەما کردەوە ، ئەوەبوو داهێنەری مەزن ( تۆماس ئەدیسۆن ) یەکەم کامێرای بۆ وێنەگرتنو نیشاندانی وێنەی سینەمایی دروست کرد .

**سەرچاوە : فارس سەعدی**
**کتێبی هونەری فۆتۆگراف**

فۆتۆ: ڕەوشت توانا

## ڕیپۆرتاژێکی وێنەیی لە شاری قەڵادزێ وە



لە شوێنی تەنەکەی خۆڵ مەسینە داندراوە



ئەو کاتەی خۆڵڕێژ دەبێتە خۆڵ، بیخەینە کوێوە؟



منداڵێك چارەنوسی ئاگر بەبادەكات



سەرما لەو پەڕی بەهێزیدایە بڵێی لەم ئێوارەیەدا کڕیارێك لە بازاردا مابێت




تۆ بڵێی ئەم ژمارە تەلەفۆنە بۆ چی نوسرابێت...؟؟



لەناچاریدا منداڵان لە باخچەیەکدا یاری دەکەن



تێلبەند لە بەرەکانی جەنگەوە بۆ دەروازەی خوێندنگەیەك



ئەم دەرگایە خەریکە شانی دەشکێ